# فیلمی هەوابار/کلایمەت >

## خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەوابار لە ئەفریکای باشوور

گۆڕانی هەوابار لەسەر مرۆڤەکان، کۆمەڵگا و ئیکۆسیستەم لە سەرانسەری گۆی زەوی کاریگەری دادەنێت. ئەو شوێنانەی کە زیاتر بەر ئەم کاریگەریە دەکەون ناوچە نزمەکان، کۆمەڵگە دوورگەییەکان، جەمسەری باکوور و ناوچە بێبارانەکانی ئەفریکان. لەم ناوچانە، زۆربەی کات هەژارترین کەسەکان لە هەستیارترین دۆخ دان. شارەداریی eThekwini لە ئەفریکای باشوور پرۆژەیەکی هەمەلایەنی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەواباری جێبەجێ کردووە کە هاوکات ستانداردی ژیانی خەڵک باشتر دەکات. ئەمە یەکێکە لە بەرنامەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەوابار لە سەرانسەر جیهان کە ئێمە دەتوانین شتی زیاتری لێ فێر ببین.

### ئەو ئەرکانەی کە دەبێ بەرلە سەیرکردنی فیلمەکە ئێوە تەماشای بکەن

1. بە ڕای تۆ گۆڕانی هەوابار بە چ شێوەیەک کاریگەری دادەنێت لەسەر ناوچە بێبارانەکان وەک ئەفریکا؟
2. بۆچی پێتوایە خەڵکی هەژار بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دەوڵەمەند لە بەرانبەر گۆڕانەکانی هەوابار دا زیانی زیاتر دەبینن؟

### ئەرکەکانی پەیوەست بە فیلمەکە

1. ڕوونی بکەوە بۆچی شارەوانیی eThekwini لە ئەفریکای باشوور یەکێک لەو ناوچانە یە کە بە تایبەت بەر گۆڕانەکانی هەوابار دەکەون؟
2. ڕوونکردنەوەیەکی کورت و گشتی ئامادە بکە لەبارەی ئەو دەستپێشخەریانە کە شارەوانیی eThekwini کردوویە بۆ ئەوەی دڵنیا ببێت کە کۆمەڵگا باشتر خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ گۆڕانەکانی ئاووهەوا.
3. هەم زانیاری و هەم ئابووری زۆر گرنگن بۆ باشترکردنی ستانداردی ژیانی خەڵک. چ هەنگاوگەلێکی فیزیکی بووەتە هۆی باشتربوونی ستانداردی ژیانی خەڵک لە Buffelsdraai؟
4. بۆچی گرنگە لە Buffelsdraai دارستانی نوێ بچێندرێت؟
5. بۆچی گرنگە کە جۆرەکانی ڕووەکە بیانیەکان لە دووربان لاببرێن؟
6. بۆچی بەرهەمهێنانی ژینخەڵوز (بایۆکەوڵ) جۆرێک دەستپێشخەریە کە دەبێتە هۆی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەوابار و باشترکردنی خاک؟
7. بانماڵ یان سەرمیچی سەوز چ سوودێکی هەیە؟

### ئەرکە دژوارەکان

1. ئایا بە ڕای تۆ ئەو دەستپێشخەریانە کە لە Buffelsdraai ئەنجام دەدرێن، دەکرێت لە بەشەکانی دیکەی جەهانیش ئەنجام بدرێن؟ بە بەڵگەوە وەڵام بدەوە.

2. کاتێک لە وڵاتێک یان ناوچەیەک ئەم سێ هۆکارەی خوارەوە هەبن، ڕیسکی گۆڕانی هەوابار دروست دەبێت. مەترسی: هەوابار تا چ ڕادەیەک دەگۆڕدرێت، و ئێمە ڕووبەڕووی چ ڕووداوگەلێکی سەخت و دژوار دەبینەوە؟ بەرکەوتن: ئەگەری ئەوەی کە ناوچەکە/هەرێمەکە بەر ئەم مەترسیانە بکەوێت چەندە؟ هەستیاری: دۆخی ئەو کەسانەی کە لەوێ دەژین لە بەرانبەر گۆڕانی هەوابار دا چەندە هەستیارە؟




وێنە: پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی ژینگەی نەرویژ
مەترسی/ڕیسکی پەیوەست بە ئاووهەوا/هەستیاری/بەرکەوتن

a) بە کورتی ڕوونی بکەوە کە بە ڕای تۆ هەندێ فاکتۆر وەک مەترسی، هەستیاریی بارودۆخ و بەرکەوتن چۆن کاریگەر دەبن لەسەر Buffelsdraai لە ئەفریکای باشوور، Kvam و ئۆسلۆ نە نەرویژ. دەتوانیت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان خشتەیەک وەک ئەمەی خوارەوە بە کار بهێنیت. ئەگەر پێویستت بە زانیاریی زیاتر هەیە لەبارەی ئەوەی کە گۆڕانەکانی هەوابار چ کاریگەریەکیان لەسەر Kvam و ئۆسلۆ دەبێت، سەیری ئەم فیلمە بکە، « Klimatilpassing i Noreg» (خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەوابار لە نەرویژ).

| | مەترسی | بەرکەوتن | هەستیاری |
|---|---|---|---|
| Buffelsdraai | | | |
| Kvam لە Gudbrandsdalen | | | |
| ئۆسلۆ | | | |

b) **لە ڕوانگەی مەترسیەکانی گۆڕانی هەواوبارەوە، بە ڕای تۆ گەورەترین جیاوازی نێوان ئۆسلۆ و** Kvam **چیە؟**

c) **لە ڕوانگەی مەترسیەکانی گۆڕانی هەواوبارەوە، بە ڕای تۆ گەورەترین جیاوازی نێوان** Buffelsdraai **و** Kvam **چیە؟**